## چیرۆکی ژیانم

# ئەو نامانەی کە بێزارم دەکەن

بەشی یەکەم

هێرش عەبدولرەحیم

بـــه هـــۆی ئـــەو نامـــە هەڕەشەئامێزانەی کە شەوانە فڕێ دەدرانـــە ماڵـــەکـــەمـــان بێـــزار و نیگـەران ببووین. خێـزانم زیـاتر هەستی بە مەترسی کردبوو ، بە وردبینییەوە هاموشۆی کۆڵانەکانی خستبووە ژێـــر چاودێرییـــەوە. ڕۆژێکیان کە لە کار گەڕامەوە ، ســەیـــرم کـــرد خێزانـــەکـــەم لـەبـەردەرگـە وەسـتاوە . ئـەوە یەکـەمین جار بوو لـەبـەردەرگـە ببیینم . ئـەو هـەرگیـز حـەز بـە دانیشتنی بـەر دەرگـە و کـۆڵان ناکـات . تێکـەڵاوی ئـەو ژنانـەش ناکـات کـە لـە بـەردەرگـەکانیـان دادەنیشـن و سـەری کـۆڵان لـە ڕێبـواران دەگـرن . بـەبینینی ئـەو دڵـم ڕاچڵـەکـی ، هـەسـتم کـرد ڕووداوێکی نائاسـایی قـەومـاوە . ئەگەرچی منی بیني ، بەڵام قاپی حـەوشـەی ئـاوەڵا نـەکـرد تـا ئۆتۆمۆبیلـەکـە ببـەمـە حـەوشـە . یـەکسـەر بـۆ لای مـن هـات و بـە چرپە پێیگوتم: (چـەند خولـەکێک لـەمـەوبـەر نامـەیـەک فـڕێ درایـە حەوشەوە ، بە پەلە بۆلای دەرگە چـووم ،لاوێکـی قـژن کـە جلێکـی ڕەشـی لـەبـەردابـوو ، بـەخێرایـی دەڕۆیشـت ، لـــەو ســـەری کۆڵانـەکـەوە بـەرازیلێکـی سـوور وەستابوو ، سوار بوو ڕۆیشت ). مـن خـۆم شـێلو نـەکـرد . دواتـر نامەکەم خوێندەوە ، لەسەر هەمان شـێوازی پێشـوو نووسـرابوو ، داوامان لێکرابوو بە زووترین کات ئـەو شـوێنە چـۆڵ بکـەیـن، دەنـا خۆمـان لـە خـوێنی خۆمـان بـەرپرسـیارین . دیسـانەوە وەکـو جاران نامـەکـەم گـەیانـدە دەسـتی ئـەو ئـەفسـەرەی ئاسـایش کـە هـەمیشـە سـەردانـیم دەرکـردو لـە پێشهاتەکاندا ئاگادارم دەکردەوە . باسی بەرازیلی سوورم بۆ کرد . ئەو لە ئێمە نیگـەران و پـەرۆشتر بوو. هەوڵی خۆی بۆ دۆزینـەوەی تـەرخـان کردبـوو ، بـە هـەناسـە ساردییەوە پێیگوتم: ( ئێمە کاری خۆمـان دەکـەیـن و بـەردەوام سـۆراخی دەکـەیـن ، ئـەگـەر سـەبرمـان هـەبێ هـەمـوو شـت ئاشکرا دەبێ !).

زۆر شـەوان لـە سـەربان ئێشکم دەگـــرت ، ئاواتـــەخوازبـــووم دەرکـەوێت و دەسـتگیری بکـەم ، کـەچـی گیرانـی ئاسـان نـەبـوو ، وەکو دێوو درنج وابوو، لە کاتێکا دەهـات کـە لـە پرخـەی خـەو دابـووین یـان نیوەڕۆیێکی ئـەوتـۆ نامـەکـەی فڕێ دەدایە حەوشـەوە کـە لـەسـەر کـاربووین . مـاوەی چەند مانگێک بوو لەبەر ئێشکگرتن خواردن و خەومان لێ تاڵ ببوو . تاسەی ئاشکراکردنی خاوەنی ئـەو نامانـەمـان دەکـرد ، جـار جـارە دەنگی نەدەما ، کەچی لـە هیکەوە پـەیـدا دەبـۆوە ، نامـەیـەکـی توونـدتری بـۆ دەنـاردین . ئـەو لـە نامەکانیدا دڵسۆزی خۆی بۆ ئێمـە دیار دەکرد و وای پێشان دەدا کە سـیناریۆیێکی مـەترسـیدار دژ بـە ئێمـە لـە ئارادایـە ،باشتر وایـە ئـەو خـانووە چـۆڵ کـەین و لـەو شـارە دوور بکـەوینـەوە . هـەنـدێ جـار پـــەرۆش و هـــەنـــدێ جـــار هـەڕەشـەکـار و هـەنـدێ جاریش تۆقێنـەر بـوو . ژیان بـەو شـێوەیە ئاسـان نـەبـوو ،یـان دەبـووایـە خـاوەنـی ئـەو نامانـە بدۆزرێتـەوە یـان دەبـووایـە لـە دڵـەڕاوکـێ و نیگەرانی و مەترسیدا بژین .

ئێمە ناکۆکی و ئاژاوەمان لـەگـەڵ کـەس نـەبـوو ، بۆیـە گومانمـان لـەکـەس نـەدەکـرد . هـەنـدێ جار وامان لێکدەدایەوە کە دراوسێیەکی خۆمانە و چاوی لە خانووەکـەمان بڕیوە ، دەیەوێ ئێمە دەربچین و ئـــەو زەوتـــی بکـــات . مـــن نەمدەویست کەس لـە هاتنی ئـەو نامانـــە ئاگـــادار بکرێتـــەوە،بـــەڵام خێـزانم هێنـدە نیگـەران بـوو، لای دایکـم و براکـانم و خوشـکەکـانم باســـی کردبـــوو . بـــەمـــەش گوشـارەکـان زێـدەتـر دەبـوون، ئـەوان داوایـان لێـدەکـردم کـە خـانووەکـە چـۆڵ بکـەم و بچمـە شـارێکی دیکـە . هـەرچـەنـدە خانووەکە تۆزوبا بوو، بەڵام من لـە کـەسـێکی دیکـەم کـڕی بـۆوە ، مـەسـرەفێکـی زۆرم تێـداکردبوو ، هەرگیز ئامادە نـەبووم کە چۆڵی بکەم .

مانگـــەکـــان هـــاتن وچـــوون ، کـەژەکان خـۆیان نوێ کـردەوە ، نامـەکـانیش لـەگـەڵ ئـەوانـدا تـازە دەبوونـەوە . مانگێک زۆر بێزاری کـردین ، زیـاتر لـە ٥ نامـەی بـۆ نـاردین . ئـەو مـەسـەلـەیـەم لای برادەرێکی نزیکی خۆم باسکرد . ئەو هـەنـدێ ڕووداوی هاوشێوەی بـۆ گێڕامـەوە . دواتـر پرسـی : ( پرسیارێکت لێدەکەم، بەڵام دەبێ بە ڕاستی وەڵامم بدەیتەوە؟!).

ئامادەیی خـۆم پێشـاندا ، ئـەو پرسـی :( لـە تـەمـەنی خۆتدا هیچ کچێکـت خۆشویسـتووە و بـەڵێنی هاوسـەریـت پێـدابێ و دوایـیش پـەیمـان شـکێنیت کردبێ ؟!) . بـە پێکـەنیـەوە وەڵامـم دایـەوە : ( جـا کوڕ هەیە کـەسـی خۆشنەویستبێ !، بەڵام کەسـی وا لـە ژیانی مندا نـەبـووە کـە بـەڵێنی هاوسـەری پێبدەم ، نـازانم مـەبـەسـتی تۆ لـەو پرسـیارە چیـە؟!). ئـەو لـەمـن دنیادیـدەتـر بـوو ، بـە گاڵتـەوە دووپـاتی کـردەوە :( مـن وای بـۆ دەچـم کـەسـێک ڕقـی لـە تـۆ هـەڵگرتـووە دەیـەوێ بـەو کـارە هـەراسـان و تـەنگـەتـاوت بکـات ، لەوانەیە ئیرەییت پێببات و بیەوێ ژیانت لێتاڵ بکات ، جا یان ئەوەتـە خـۆی مرخـی خـۆی لــە تــۆ خۆشکردووە یان.....). هێشتا ئەو قسەکانی تەواو نەکردبوو ، شتێک کـەوتـەوە بیرم ، بێ سێ و دوو بۆم گێڕایـەوە : (ڕاستیەکەی من زۆر منـداڵ بـووم کـە پـوورێکم کچێکی خۆی بۆ من دانابوو ، ئێمە هەردووکمان منداڵ بووین ، کاتێ گـەورەبـووین مـن هـیچ سـۆزو خۆشـەویسـتێکم بـۆ ئـەو نـەبـوو، کـەچـی ئـەو مـەیلـی بـەلای منـدا دەشـکایەوە ، لـەلای خوشـکەکـانم باسی خۆشەویستنی منی کردبوو ، چەند جار خوازبێنیشی هاتبوو ، ڕەتی کردبۆوە ، کاتێ من ژنم خواست ئەو زۆری پێناخۆشبوو ، بۆ زەماوەندی ئێمەش نەهات ، تۆ بڵێی ئەو بێت ئەو نامانە ڕەوانە بکات ؟! ) . دواتـر هـەر خـۆم پەشـیمان بوومـەوەو گـوتم : ( بـەڵام ئـەو لێـرە نیـە ، ئـەو لـە شـارێکی دیکـەدا دەژی ، بـاوەڕ ناکـەم کـەسـی دیکـەش هـەبێ هاوکاری بکات و لە جیاتی ئەو ئەرکەکە لە ئەستۆ بگرێ و خۆی بە ناردنی ئەو نامانەوە خەریک بکـات !!). بـرادەرەکـەم داوای لێکردم سەردانی ماڵی پوورم بکەم و لـەگـەڵ کچـەکـە دابنیشـم و ڕاشکاوانە باسی ئەو نامانەی بۆ بکـەم ، ئـەگـەر ئـەو سـەرچاوەی نامەکان بێت تۆزێ تێک دەچێ یان دەشێوێ ، یان پەرچەکردارێکی لێ بەدی دەکرێ .

مـن نـەمـدەتـوانی بچمـە ئـەو شـارەی کـە مـاڵی پـوورەکـەمـی تێدایە ، بۆیە نامەیەکم بۆ ناردن و داوام لێکردن کە هەموویان بێن و سـەردانێکمان بکـەن. هـەفتـەیـەکی پێنەچوو هەموویان هاتن و چوونە ماڵی دایکم ، منیش چوومە لایان، داوام لە پوورم کرد دەرفەتێکم بداتێ تا لەگەڵ کچەکەی بە جووتە دابنیشم .پوورم بە خۆشحاڵیەوە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندین ، من نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم ، بەڵام هەستم بەشلەژانی ئـەو دەکـرد. وردە وردە هاتمـە سـەر باسـی ژنهێنـان و ژیـانی ئێسـتا و هـاتنی ئـەو نامانـە . مـن وام پێشـاندا لـە ژنهێنـان پـەلـەم کردووە ، لەوانەیە سەرکەوتوو نەبم، ئەگەر ئەمجارە ژن بێنم بۆخۆم دەزانم کێ دەهێنم. لەگەڵ ئەو قسانەدا دەگەشایەوە ، هەستم کرد هێشتا مەیلی بەلای منەوە ماوە . دواتر ڕاشکاوانە پێمگوت : ( من دەزانـم کـە تـۆ ئـەو نامانـە دەنێریـت ، بـەڵام نـازانم کـێ هاوکاریت دەکات و چۆن فڕێ دەدرێنە ماڵەکەمان!) . ئەو خۆی لـەوە بێبـەری کـرد و هـەزاران سوێندی خـوارد کـە ئاگای لـەو نامانـە نیـە کـە منیـان نیگـەران کردووە ) .



# کۆمەڵگەی کوردەواری و ژێردەستەیی ژن

بەشی یەکەم

نوسینی: شەهلا نیگەهداری

لە دەسپێکی ئەم بابەتە دا بەرلە هـەرشـتێک چاوێکی خێرا بـەسـەر پێکهاتـــــــەی کۆمـــــــەڵ و کۆمـــەڵگـــەدادەخشـێنین و بناغـەی پێکهاتـــەی کۆمـــەڵگـــە لـــە بـــوارە جۆراوجـۆرەکـانی لێـک دەدەینـەوە. دیارە کە باس لە کۆمەڵگە دەکرێ مـەبـەسـت لـەکۆمـەڵێکـە کـە تێیـدا هـەمووشـتێک لـە سـەر بنـەمـای کـاری هاوبـەش و پـەیـوەندیـە مرۆڤیـەکـان هـەڵـدەسـەنگێنـدرێت و بـەم هۆیـەوە هـەمـوو بـوارەکـانی ژیـان بریتـی لـە ئەرک و کاری ڕۆژانە و هەوڵ دان بۆ درێژەدان بە ژیان لـەم کۆمـەڵە دا لـە سـەرەکیترین بوارەکانـە کە پێویستی بە هاوکاری هەمـەلایـەنـەی دانیشتوانی نـاو کۆمـەڵگـە هـەیـە بـۆ ئـەوەی کـە چـەرخـەی ژیـانی بـەکۆمـەڵ بکـەوێتـە گـەڕ، بـەڵام پێکهاتـەی مرۆڤـی ئـەم کۆمەڵگەیە چییە و لە چیی پێک دێت، ئـەرکـەکـان چـۆن دابـەش دەکـرێن. لێرەوەیە کە پێویستی کاری هاوبەشی دانیشـتوانی کۆمـەڵگـە گرینگیـەکـەی هـــەســـت پێـــدەکـــرێ.

بـــا لـــە بچـــوکترین کۆمـــەڵـــی ناوکۆمـەڵگـەکانـەوە دەست پێ بکـەین واتـا بنـەماڵـە، لـە نـاو بنـەماڵـەدا دوای دارشتنی گەڵاڵەی ژیانی هاوسەری و دیـاری کـردنـی ئـەرک و کـارەکـان لـە لایـەن ژن و پیاوەوە چـەرخی بـەرەوە پێش هـەنگاونانی یـەکـەمین کۆمـەڵگـە دەکـەوێتـە گـەڕ، لـە مـەودای برینی ئـەم ڕێگـەیـە بـوارەکـانی دیکـەی ژیـانی بـە کۆمـەڵ دەردەکـەوێت و لێـرەوەیـە کـە ژن وپیـاو هـەسـت بـە هاوئاهـەنگی و هـاودەنگیـەک بـۆ بـەرەو پێش بردنـی ئەم کۆمەڵە دەکەن. هاوئاهەنگیەک کە تێیدا هەموو مافەکانی تاک لە بواری



حقوقی و مەعنەویەوە سەرەڕای ئەوە کە پارێزرابێت گەڵاڵـەیەکیش بێت بۆ دوارۆژێکـی باشـتری ئـەم کۆمـەڵگـەیـە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە بەرەبەرە پەرە دەستێنێ و ئەم جارەیان ئەندامانێکی دیکەی پێوە پەیوەست دەبێت کە دەبێ کـار ئاسـانی بـۆ بـەرەورووبونـەوە و دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی بکردرێــــــــــــــــت.

منداڵ ئەندامێکی تری ئەم کۆمەڵگەیەیە و پێویستی بە چاودێری کردنی داک و باوک هـەیە. لـە درێژەی پرۆسـەی ئـەم کۆمـەڵگـەیـەدا ئـەرکێکـی دیکـە پەیوەست دەبێ بە ئەرکەکانی دایک و باوک ئەویش پەروەردەکردنی منداڵە چونکە، کۆمەڵگەی مـەبەست لـە سـەر ئـەسـاسـی سیسـتەمێکـی پـەروەردەی شارسـتانی بونیـاد نـراوە. پاراسـتنی مافـەکـانی تـاک لـە بـواری حقـوقی و مـــادی ومـــەعنـــەوی و یـــەکســـانیەوە یـەکـەمین نـەزمێکـە کـە لـە کۆمـەڵگـەدا ڕەچـاو کـراوە و تـەزمینێـک بـووە بـۆ داهاتووی ئەم کۆمەڵە. ئەم کۆمـەڵگـەیە زۆرتر پەرەدەستێنێ و ئـەم جارەیـان هـەنگاو دەنێتـە نـاو کۆمـەڵگیـەکـی بـەر فراوان تر و ئەندامانی ئەم کۆمـەڵگـەا بچووکـە ئـەو نـەزم و هاوئاهـەنگیـە لـەگـەڵ ئـەنـدامانی تـری کۆمـەڵگـەی گـەورەتـر ڕێـک دەخـەن. لـەمـەبـەدوا کۆمەڵگە و تاک و تاک و کۆمەڵگە دو شتی لێک جیا نـەکراوەن و دەوام و پەرەسەندن و درێژەدان بە ژیانێک کە هەمووان تێیدا هەست بە ئاسوودەیی و ئـارامێش دەکـەن دەبێتـە هـەوێنـی هـەرچـی زیـاتر گـەشـاوە بـوونی کۆمەڵگە، بەڵام ئەمانە چۆن بەدی دێت و مەدینەیەکی فازیلە چۆن پێک دێ، دیارە ئەوەی باسی لێوە کرا تاریفێکە لـە کۆمـەڵگـە و دەور و نـەخشـی ئـەنـدامانی کۆمـەڵگـە کـە بریتـی بـوو لـەنـەزم وهاوئاهـەنگـی و سیسـتـەمـی پـەروەردە و پاراسـتنی مافـەکـانی تـاک لـــە بـــواری حقـــوقی ومـــادی و مـەعنـەویـەوە. بـەڵام گـەر بڕوانینـە کۆمەڵگەی کوردەواری یەکـەمین شت کـە تێیدا لـەگـەڵی بـەرەوڕوو دەبین، باڵادەسـت بـوونی ڕەگـەزێکـە بـەسـەر ڕەگـەزێکـی تـرداو یـەکـەمین بناغـەی کۆمـەڵگـەیـەکـی ئاسـوودە دارمـاوە، ئـەویش نـەبـونی هاوئاهـەنگی و نـە پاراسـتنی مافـەکـانی تاکـە، لـە هـەر کۆمەڵگەیەک دا گەر لایەنێک بە بێ لە بەر چاو گرتنی هیچ کام لە خاڵەکانی یاسـایی و حقـوقی و مـادی بـە سـەر لایـــــەنێکـــــی دیکـــــە دا زاڵ و دەسـەڵاتداربێت لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە ئەم کۆمەڵگەیە توشی کێماسی وگرفتە، کەواتە بەم پێناسەیە لـە کۆمـەڵگـەیـەک دا کـە پیـاو سـالار و دەسـەلاتدار بێت ئـەم کۆمـەڵگـەیـە لـە بـواری فـەرهـەنگی وکـۆمـەڵایـەتیـەوە گرفتاری قەیرانێکی مادی وحقوقیە و ژنـان وەک تاکێکـی ئـەو کۆمـەڵگـەیـەی کە پێشتر باسمان لێوەکرد لە مافی یەکسان و بەرابەر چ لە بوارەکانی مادی و حقوقی ومەعنەویەوە و چ لە بـوارەکـانی دیکـەی فـەرهـەنگـی و کۆمـەڵایـەتیـەوە بێ بـەریـە. بـەم پێیـە کۆمـەڵگـەی کـوردەواری لـە چـەشـنی کۆمـــەڵگـــەیـــەکـــی شارســـتانی و پێشکەوتوو نیە. لە کۆمەڵگەایەک دا کە ژن وەکوو جنسی دووهەم چاوی لێ دەکرێت،لە کۆمەڵگەیەک دا کە ژن بۆ دامرکاندنـەوەی شـەری نێـوان دوو عەشیرەت سولحی پێ دەکرێ و لە بـری خـوێن دەبـەخشـرێ، لــە کۆمـەڵگـەیـەک دا کـە خۆشویسـتن و ئەویـنداری کـردن بـۆ مێینـە ئـەمرێکـی دزێوە و دەبێتە هـۆی لـە نـاو چـوونی شـەرەف و ناموسـی پیـاوان، لــە کۆمـەڵگـەیـەک دا کـە ژن لـە بـواری ئابوریـەوە تێیدا ئـازاد و سـەربـەسـت نییە، لەکۆمەڵگەیەک دا کە تەنانەت ژن بـە ویسـت و خواسـتی خـۆی نـاتوانێ بەرنامەیەک بۆ ژیانی خۆی دابرێژێت ئەم کۆمەڵگەیە توشی قەیرانێکە کە دووکەڵەکەی ڕاست ئەچێتە ناو چاوی ژنـان و دە ئـەوەنـدەی تـریش بـواری ژیـانێکی ئـاسـایی بـۆ ژنـان دژوار و دژوارتــــــــر ئــــــــەبێــــــــت.

بـە لێکدانـەوەی ئـەم دوو کۆمـەڵگـەیـە واتا کۆمەڵگەیەک کە پەیوەندیەکان لە ســەر ئــەســاســی هاوئاهــەنگــی و هاوکـــاری و یـــەکســـانی یـــە و کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ڕەگەزێک ژێر دەستە و ڕەگەزێکی دیکە باڵادەستە چ هۆکارگـــەلێـــک ئـــەبینـــرێن ؟ سیستەمی پەروەردە یەکەم شتێکە کە دەتـوانێ لـە بـواری فـەرهـەنگیـەوە داهـاتووی هـەر کۆمـەڵێک تـەزمین بکات.



## دەروون دونیا

# عێراق و ڤێتنام

لە هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی ئەمریکا لەبەردەم ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی دنیا دانی بەوەدانا کە ڕەوشی ئێستای عێراق خەریکە وەکو ڤێتنامی لێبێت. قسەیەکی لەو شێوەیەو لەزاری کەسێکی وەکو (جۆرج بووش)ەوە بکرێت، زیاتر لە لێدوان و لێکۆڵینەوەیەک هەڵدەگرێ.. کاتێ ئەمریکا بڕیاری لێدانی عێراقی داو کۆششێکی زۆری کرد تا بڕیارێکی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەرکردو ناوی عێراقیان نا وڵاتێکی داگیرکراو مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو لەو بڕیارە، لەلایەک بۆ ئەوەبوو بکوژو ببڕ هەر خۆی بێت و چۆنی بووێت ڕەوشەکە بەو ئاقارەدا ببات، ترسی گلەیشی نەبوو لە هیچ کسێ، چونکە داگیرکەر گلەیی لێ ناکرێ. لەلایەکی دیکەش بردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکە تەنیا بە داگیرکاری دەکرێت، بەڵام حساباتی ئەمریکا زۆر هەڵە دەرچوو بۆ دوارۆژی ئەم وڵاتەو بەرژەوەندییەکانی خۆی. ئەو وای دانابوو بەلاچوونی ڕژێمی بەعس ئیتر خەڵکی ئەم وڵاتە دەبن بە عەبدی ئەمریکاو چی بووێت بۆی جێبەجێ دەکەن، وەلێ بە پێچەوانەوە دەرکەوت کە خەڵکی شۆڕشگێڕی عێراق قبوڵی ئەو ئیهانەو جیاوازکارییە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبیانە ناکەن، بۆیە دەبینین وڵاتەکە بووە بە گۆمی خوێن و ڕۆژانە بەسەدان هاووڵاتی دەبن بە قوربانی بەرنامەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەمریکا، ڕاستە ئەوکارە تیرۆریستانە هەمەچەشنن و لەڕوانگەو بەرژەوەندی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن، بە مقاومەی ڕاستەقینەدانانرێن، بەڵام هەرچۆنێ بێت هۆکاری ئەو داگیرکاری و سیاسەتە خراپەی ئەمریکایە کە جۆرێک لەبەردەوامی بە خۆوە دەبینێ.. کورد هەر لە ساڵەکانی حەفتاوە درکی بەوە کردووە کە ڕۆژێک دێت ئەم وڵاتەش وەکو ئەو وڵاتانەی لێدێت کە ئەمریکا داگیری کردوون، پیاوێکی وەکو کاک ئارام هەر زوو گوتوویەتی: ( بەدووری نازانم کە کوردستان ببێ بە ڤێتنامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). دیارە ئەنجامی لێکدانەوەی سیاسەتە ناڕاست و داگیرکارییەکانی ئەمریکا خەڵکی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداران دەگەیەنن بەو بڕوایە کە پێشبینی لەو جۆرەبکەن، کەچی سەرەک بووش لە جیاتی چاککردنی سیاسەت و بەرنامەی حکومەتەکەی، تازە بە تازە بە ناوی دیموکراتییەوە هەڕەشە لە (نوری مالکی) دەکات ئەگەر نەتوانێ چارەسەری ڕەوشەکە بکات هێز بە کاردێنێ با دانانی حکومەتێکی تۆکمەو چارەسەرکردنی بارودۆخەکە. ئەمە بۆخۆی نیشانەو ئاماژەیەکە کە ئەمریکا نایەوێ جارێکی دیکە ئەو شکستەی لە ڤێتنام خواردی لە عێراق دووبارە ببێتەوەو ئەمجارەیان لە جیاتی هزری کۆمۆنیستی ئیسلامی توندڕەو کۆڵی پێبدەن.